خولی ئینگلتەرا.. لیڤەرپوول کۆتە داوی یەکسانبوون

لە خولی ئینگلتەرا لیڤەرپوول کۆتە داوی یەکسانبوون و بە دوو گۆڵ لەگەڵ ئیڤەرتەن بەرامبەر بوون.

لە یاریەکی دواخراوی هەفتەی 15ـی خولی ئینگلتەرا یانەی لیڤەرپوول لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی ئیڤەرتەن.

تایمی یەکەم، بە شێوەیەکی چاوەڕوانەکراو یانەی خاوەن ماڵ بە گۆڵێکی بیتە لە خولەکی 11 پێشکەوت، بەڵام دوای تەنیا پێنج خولەک ڕەدز ئەنجامەکەی لە ڕێگەی ماک ئەلیستەر یەکسانکردەوە، تایمی یەکەمیش بەو ئەنجامە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەمدا، سیناریۆکە پێچەوانە بووەوە بەڵام هەمان دەرەنجام بوو، بە شێوەیەک لە خولەکی 73 سەاح لیڤەری پێشخست بەڵام لە کۆتا خولەکەکان ئیڤەرتەن ئەنجامەکەی یەکسانکردەوە، پێش کۆتایی هاتنی یاریەکەش گرژی و ئاڵزی دروستبوو، بەو هەیەوە ئارنی سلۆتی ڕاهێنەری لیڤەرپوول و دەکەری ناوەراستکار لە ئیڤەرتەن بە کارتی سور کرانە دەرەوە.

سەرەنجام یاریبەکە بە یەکسانی و بە دوو گۆڵ بە هەردوولا کۆتایی هات، بە ئەنجامە لیڤەر بە 57 خاڵ لە پێشەنگدا مایەوە و ئیڤەرتەنیش پلەی 15ی گرتووە.